# چه ند سه رنجێك له سه ر ووتاره كه ی هاورێی به رێزم سه لام عه بدوڵلا

ئه رده لان عه بدوڵلا
Ardellen1@web.de

پێش چه ند روژێك هاورێی به رێزم سه لام عه بدوڵلا ووتارێكی به ناوی (گریمان به ختیار عه لی و براده ره كانی،نیتچه و هایدگه ر و سلۆته ردایكی كوردن،ئه ی هیتله ره كه یان كێیه؟ ) جێگای داخه كه هێشتا ئێمه ی كورد لێكۆلینه وه یه كی باشمان له سه ر فه لسه فه ی ئه وروپی نییه . ئه مه ش وا ده كات كه زۆربه مان بكه وینه هه ڵه ی گه وره وه . له ته واوی دوونیادا نیتچه ، به باوكی نازیه ت ده ناسرێت ، وه لێ لای خۆمان به باوكی عه قلانیه ت ده ناسرێت .
به هه ر حال ئه وه ی سه رنجی منی له ووتاره كه ی ئه م به رێزه راكێشا ، هێنانه وه ی ووته یه كی ناو مانیفێستی كۆمۆنیزم كه ماركس وئه نجلس پێكرا نووسیویانه . گوایه ماركس وئه نجلس ووتوویانه (نه ته وه ی ئه ڵمان نموونه ی تایبه تی هه موو نه ته وه كانه ،خوێریه كی ئه ڵمان ،ئینسانێكی بێ وێنه یه ) .
جارێ پێش هه موو شت ،نه ده بوو ناوی ماركس وئه نجلس له گه ڵ كه سانی فاشی وه كو نیتچه و هایدگه ر دابنرێت . هیچ پێویستی به هێنانه وه ی قسه ی ئه وان نه ده كرد .
دووه مین شت سه رچاوه كه ت( مانیفێست . لاپه ڕه 67 ) ، كه گوایه له م كتێبه ئه م قسه یه ت ده رهێناوه ، هه ڵه یه . من كه ئه م ووته یه م بینی هه ر چی مووی سه رم بوو راست بوویه وه . چونكه هیچ كات باوه ڕ ناكه م كه ئه دوو بلیمه ته تاكه ووشه یه كی راسیزمانه به زاریان هاتبێت . جگه له وه ش تۆ خۆت باش ده زانیت كه مانیفێست چه نده مه زن بابه ت نووسراوه .
چۆن ده بێت شتێكی وا پرووپوچی تێدا نووسرابێت . من مانیفێستی كوردیه كه ی ( كه به رێز جه لال ده باغ،كردوویه تی به كوردی له ستۆكهۆڵم، 1992 چاپی دووه می كردۆته وه)خوێنده وه و گه ڕام بۆ لاپه ره67.وه لێ به هیچ شێوه یه ك باسی شتی وای تێدانه بوو،بگره له و لاپه ره یه دا باسی چۆنێتی گه شه سه ندنی كه پیتالیزم ده كات . دوایی ئه ڵمانی و عه ره بیه كه شم سه یر كرد ، ئه سڵه ن باسی شتی وای تێدا نه بیه. جا نازانم تۆ له چ ( چاپێك ، زمانێك ) ئه م زانیاریه ت ده رهێناوه؟! .
به راستی گه ر بتنووسیبایه (ستالین یان لینین) ، قسه ی وای كردووه . یه كسه ر باوه ڕم پێ ده كردیت و نه ده گه ڕام به دوای سه رچاوه كه دا . چونكه به راستی ئه و دوانه باوه ریان به بیری ناسیۆنالیزم و ملیتاریزم زۆر هه بووه و عه مه لییه نیش سه لماندوویانه.وه لێ هیچ كات باوه ر ناكه م( ماركس وئه نجلس وترۆتسكی) قسه ی له و جۆره یان كردبێت ،چونكه ئه وان زۆر دژی بیری ناسیۆنالیزم و راسیزم بوون . جگه له وه ش له ئاستێكی فكری به رز بوون . من هیوادارم ئه مه هه ڵه ی چاپ بێت و چاكی بكه یته وه ، هه ر چه نده قسه كه له هه ڵه ی چاپیش ناكات!. وه لێ هیودارم گه ر واش بێت سه رچاوه ی قسه كه مان ته واو بۆ روون و ئاشكرا بكه یته وه ، بائێمه ش ئاگاداری ئه م زانیاریه نوێ یه بین .